# له دژی هێرشەکانی تورکیا و هاوکاری ئەمریکا...
# ئەمڕۆ رۆژهەڤ مان دەگرێت




لەسەر داوای ناوەندی چاك كە داوای كردووە سەرجەم كەناڵەكانی راگەیاندن رۆژی دووشەممە 2007/12/25 لە دژی هێرشەكانی توركیا بۆ سەر هەرێمی كوردستان و هاوكاریەكانی ئەمریكا بۆ ئەو پرۆسەیە ئیشەكانی خۆیان تایبەت بكەن و هەڵوێست وەربگرن ، رۆژهەڤ ئەمڕۆ ماندەگرێت و دووپاتی ئەو روونكردنەوەیە دەكات كە رۆژی 2007/12/19 بە ناوی ( نا بۆ شەڕ و فرمێسك رشتنی زیاتر ) لە رۆژهەڤ و كوردستان نێت و چەند وێب سایتێكی دیكە بڵاوی كردبۆوە، دووبارە رایدەگەیەنین كە شەڕكردن لە گەڵ خواستەكانی میللەتان زیان بە تەنیا لایەنێك ناگەیەنێت بەڵكو هەر دوو لا زیان دەكەن، دووپاتی دەكەینەوە كە توركیا پێویستە بەسەر هەلی ئاشتی بازنەدات و زیانی زیاتر لە ئابوری وڵاتەكەی و ئومێدی پێكەوەژیانی هەردوو گەلی كورد و تورك نەدات، جەمیل چیچەك ی جێگری سەرۆك وەزیرانی توركیا دەڵێت لە ساڵی 1984 ەوە توركیا لەشەڕی پەكەكە زیاتر لە 300 ملیار دۆلاری زیان لێكەوتووە، هەر ناوبراو دەڵێت ( ئەو پارەیەی لە رووبەروو بونەوەی پەكەكە خەرج كراوە ئەگەر توركیا لە وەبەرهێنانی خەرج بكردایە، ئێستا لە پلەی حەوتەمی وڵاتە مەزنەكانی جیهان بوو)، ئەو دانپێدانانەی بەرپرسێكی پایەبەرزی تورك بەس نیە بۆ ئەوەی توركیا بەخۆی دابچێتەوە و لەو سیاسەتە هەڵەیەی پاشەگەزبێتەوە كە هەشتا ساڵە بەرامبەر بە گەلی كوردپیادەی دەكات، لەسەر دەمی جیهانگیری و سەروەری مافەكانی مرۆڤ كەی باوی ئەوە ماوە بە میللەتێكی چل ملیۆنی بڵێی توركی چیایی؟!!

تورکیا بەو حاڵە بەنیازە ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا!
دیسان ئەوە وەبیر پارتی داد و گەشەپێدان دێنینەوە کە ئەو شەڕە بەر لە هەر کەسێ زیان بە شەعبیەتی ئەوان دەگەیەنێت و دروشم و بەڵێنەکانی بەر لە هەڵبژاردنەکانی بیست و دووی تەمووزی 2007 بەتاڵ و بە درۆ دەخاتەوە، و هەوڵەکانیان بۆ وەرگرتنی ئەندامەتی لە یەکێتی ئەوروپا پەك دەخات، با شەڕ و کوشتار بەس بێت، با چیدی شاهێد و بینەر تەرمی زیاتری لاوانی کورد و تورك نەبین.. چونکە دۆزی میللەتێکی ئازادی خواز تەنیا دەبێت لە ڕێگەی دانوسان و ئاشتیەوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ڕێگەی شەڕ زۆر تاقی کراوتەوە و ئەنجامی نەبووە.


ستافی ماڵپەری ڕۆژەڤ
کوردستان – هەولێر
www.rojev.org

2007/12/25